# بۆ منالێکی ئاوارە

**ئاریا شوانی**

هەر ئێوە نین تینوو
مناڵانی گەرمیان
دەیان ساڵە
لە بیابانا بەدووی کانییەکدا وێڵن..!
هەر ئێوە نین برسی
منالانی هەڵەبجە
دەیان ساڵە
خەو بەخواردنی لەتە نانێکەوە دەبینن..!
باسی منالانی کوێ بکەم
خۆ هەر گوندێ لەم کوردستانە
هێد مەرگی خۆریان بینیووە
ئەستێرە ئاسمانیان بۆ ڕووناک دەکاتەوە..!
گەرماتانە..؟!
گەرما جەستەی ناسکتان هەڵدەپروکێنێ؟!
منالانی دەڤەرە وەریوەکەی من
لە بیابانا هەموو برژان!
سەرماتانە..؟!
لەژێر بارانا بەپێی پەتی ڕێ دەکەن؟!
منیش وام کرد
هەر دوێنێ بوو
کە منالّ بووم لە کۆڕەوەکە
نەمدەزانی..
سەرمام بوو
برسیم بوو
تینووم بوو
خەوم دەهات
شەکەت بووم
پێم پەتی بوو
لە دایکم دابڕابووم
تەنها ئەوە نەبێ
هێندەی بارانی ساڵێ
فرمێسکم ڕشت..!!
ئێمە گەلێکین
سەدان ساڵە
منالەکانمان پێ پەتین و
گەورەکانمان دەبن بەخۆر..!

# کۆبانێ ڕاوی مەرگ دەکات

**ڕێکار ئەحمەد**

کۆبانێی من هەڵۆێکی ڕق ئەستوورە
پشکۆی ناخی داگیرساوە،
بەڕوی ستەم هەڵدەشاخێ!
کۆبانێی من تەکانەیە
ڕاوی مەرگ و داعش دەکات!
مەرگ ترسی لێباریوە،
ئێستا ڕەش ڕەش هەڵگەڕاوە،
ڕوو لە داعش هاوار دەکات:
هەڵێن زووکەن، یەپەژە هات!
مەرگ قاچی لێڕواوە،
زراوی چووە، بێ هەترەشە
هاوار دەکات و ڕادەکات!
داعشەکان بەدوای مەرگ
ڕێچکە دەگرن،
ئاوڕ لەیەک نادەنەوە.
خودا غەزەبی لێگرتوون...
مێرووڵەی باڵ لێڕواون،
بە شنەی با، بەردەبنەوە!
بە گورزی پا لار دەبنەوە!
بە فوی شەڕڤان هەڵدەپرۆکێن!
مەرگ و داعش تێکئالاون
لەیەکتر جیا ناکرێنەوە..
لە ترسی کۆبانێی کوردان
دانکە دەگرن،
پۆل پۆل دەمرن.
***
چەک بەدەستانی بێئاوەز








لە مەرگ خۆ دەشارنەوە،
مەرگیش لە ترسی کۆبانێ!
ڕێی دەرچوونی لێ ون بووە!
داعش فیشەک و ئاگرە
زارۆی لاشەڕ، دەترسێنێ
بەس کە ناوی کۆبانێ دێ
خۆی پیس دەکاو دەشیڕێنێ..
ئاستانە خەونی بینیوە
داعش دەکات بە شمشێر و
بەرەو کۆبانێی دەنێرێ
شمشێر پیس و ژەنگاویە،
دەست و قاچی کوڵە دەبن
بە پەیڤی سروودی کۆبانێ
بە چۆک دادێ و هەڵدەوەرێ.
ئاستانەو داعش پێکەوە
سەر لە بەردی نەمان دەدەن،
لەبندیواری کۆبانێ
هەڵدەپرۆکێن
جیهان تێکڕا سەرسام دەبێ
بەکۆبانێ و شەڕڤانانی!
جیهان تێکڕا پێدەکەنێ
بە داعش و بە سوڵتانی
جیهان هەمووی نەفرەت دەکا
لە بەغدادی و هاودەستانی!
ئیدی داعش و ئاستانە
لەزەلکاوی مێژووی ڕەشیان
شەرمەزارو ڕیسوا دەبن.

# تەوقەکردن

**خالید باشبلاخی**

کە.. دەستت
خستە.. ناو دەستم!
تەزووی عیشقت، وەک کارەبا
پەنجەی کۆرپەی دڵی گەستم!
لەو ساتەوە،
بە بادەی چاوت.. سەرمەستم!..
ئەم سێیە، پێکەوە جوانن،
چاوی تۆ و..
شیعر و..
شەرابی خەمی خەستم!!..

# بیرت دەکەم

**ژیـــا ڕێباز**

وەک هەمیشە
تۆ دەڕۆیت و منیش تەنیا دەمێنمەوە
تۆ فێربوویتە لە هیچ کەنارێک و
لە هیچ وەرزێک ئۆقرەنەگریت..
خۆ دەزانم ئەوەی دەمێنێتەوە
تەنها پێکێ مەی و شیعرێکی سەرەڕۆیە
کەچی من هەر چاوەڕێم..
کچە بێ هەستەکە
ئومێد دەکەم ڕۆژێک دابێ
لەو هەموو سوتان و تەنیاییەم بگەیت
تا بزانم ئەو کات
چاوەکانت دەبن بەکانی
یان وەک هەمیشە بێ باکانە دەمکەیتە
قوربانی..

# توندوتیژی لەنێو یاریگاکانی تۆپی پێدا

**ئا: هەناسە گۆران**

ئەبێ چی بێ نهێنی توندوتیژی لە هەڵسوکەوتی مرۆڤ؟ بۆچی هاندەرانی یاریی تۆپی پێ هەڵئەستن بە ئەنجامدانی کاری تێکدەرانە و توندوتیژی تاکو پەیژەکانی تەماشاکردن ببێتە گۆڕەپانی شەڕ؟ ئەم ڕووە ناشیرینەی تۆپی پێ تەنها بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە شەڕکردنێک بێت لەسەر تۆپێن، بەڵکو ڕەوشتێکی ناشارستانی کەسانێکی ناتەندروستە لە ڕووی دەروونییەوە کە تۆپی پێ کۆیان ئەکاتەوە، دەروونناسان پێیان وایە کە چالاکییە وەرزشییەکان بەگشتی بریتییە لە جۆرێکی ڕێکخراوی ڕاوکردن، بەڵام ئەو پێشکەوتنەی بەسەر هەڵسوکەوت و ڕەوشتی مرۆڤایەتی هاتووە ئەو ڕاوەی گۆڕیوە بۆ وەرزشکردن و یاریی، لە ئارەزووی ڕاوەوە زاراوەی وەرزش سەری هەڵداوە، هەرچەندە هەندێ یاریی وەرزشی خوێناوی هەیە وەک زۆرانبازی گا و بۆکسێن و.... هتد، بەڵام دەربارەی تۆپی پێ مرۆڤ پێی وابوو کە یارییەکی سەلامەت ئەبێ، بەڵام ڕەنگە ئەو کەسە ناتەندروستە دەروونیانە پێیان وایە کە پارێزەری گۆڵ و سەرکەوتن لە شێوەی سەرکەوتنی گۆڕەپانی جەنگە، بۆیە ئەو ئارامی و سەلامەتییە بۆ تێکدەری و گێرەشێوێنی دەگۆڕێ. تۆپی پێ لە چین سەری هەڵداوە

بێگومان بەم شێوەیەی ئێستا نەبووە، یارییەکان ئامانجیان دوو ئاراستە بووە، یەکەمیان نەپارێزراو وەک تۆپی سەبەتە و چالّی یاریی گۆڵف، دووەمیشیان پارێزراو وەک گۆڵی تۆپی پێ کە دواتر بەپەرۆشتر بوو بەڕاستی لەبری ڕاوە کۆنەکە بوو، یاریزان لەنێویاندا هێرش ئەبات و بەرگری ئەکات، بۆیە گۆڕەپانی تۆپی پێ بۆتە مەیدانی ڕاو و هەر تیپێک ئەبێتە کۆمەڵێ ڕاوچی و هێرش ئەبەنە سەر تیپەکەی دیکە و لەبەر ئەوەی گۆڵی تیپی بەرامبەر پارێزراوە ئەوە یارییەکە گەرمتر و بە پەرۆشتر ئەبێت و بۆ بەدەستهێنانی گۆڵ پێویستی بە لێهاتووی و زۆرزانییەکی تایبەتە.

هەر لەگەڵ دەستپێکی یارییەکە ئەو هەستەی کە لە ناخی بینەر و هاندەری تیپەکان دەست ئەکات بە جەربەزەیی و ڕاوەدوونانی تۆپ و یاریزانەکان، لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زۆربوونی ڕێژەی دانیشتووانی جیهان ئەوا هەڵچوونە کۆمەڵایەتییەکە ڕووی لە زیادبوونە و تووڕەبوون و ئاژاوەنانەوە جێی لێبووردەیی گرتۆتەوە و گۆڕەپان و شەقام و ماڵەکانیش پڕ بوونە لە ئاژاوە و ناکۆکی و ڕکابەریی، جا ئەو کۆمەڵە کەسەی کە هاندەری تیپێکن هەندێکیان ناتەندروستن لە ڕووی دەروونییەوە بۆیە ئەگەڕێن بەدوای هاندەری تیپەکەی دیکە تاکو شەڕی لەگەڵ بکەن یاخود بەدوای پیاوێکی ئەمن و ئاسایشی ئەو شوێنە تاکو بەردێکی پێدا بکێشێت، ئەمەش کۆمەڵە پرسیارێک دێنێتە ئاراوە کە هەموویانیش لەم چەند هۆکارەوە سەرچاوەیان گرتووە (زۆربوونی دانیشتووانی جیهان، دەست بەتاڵی و بێکاری، فشاری ڕۆژانەی ژیان، هۆگربوونی ماددە هۆشبەرەکان و خواردنەوەی کحول کە هۆکاری یارمەتیدەرن بۆ کاری توندوتیژی)، ڕەنگە شاری لیڤەرپوول باشترین نموونەی بێکاری و هۆگرانی هۆشبەر و مەشروب بێت کە دووچاری کێشەی دەروونی زۆر ئەبن و شارێکە کە ڕێژەیەکی توندوتیژی زۆری لێ ئەنجام ئەدرێت.

ئەوانی ئەو جۆرە شەڕە ئەبینن ئەو دیمەنانە نەک تەنها لە ڕووی دەروونییەوە ئەیان وروژێنێ بەڵکو لە ڕووی جەستەیشەوە ئەیان وروژێنێت بەهۆی ئەو ماددە ئەدرینالینەی کە جەستەیان دەریئەدات و هەست ئەکەن وەک کەسانی شەڕکەر بەرپرسیارن لەو شەڕە و پێویستە بەشداری تێدا بکەن، بۆیە زۆرترین ژمارەی خەڵک تووش ئەبن و منداڵ و پیر پەلاماری یەکتر ئەدەن و یارییەکە ئەبێتە حاڵەتێکی بەکۆمەڵ.



توندوتیژی لەخۆیدا ڕەوشتێکی ئاسایی مرۆڤە و مرۆڤ لەو زیندەوەرە بڕبڕەدارانەیە کە زۆرترین ڕێژەی دژایەتی هەیە، توندوتیژی لە هەموو شوێنێک ڕوو ئەدات لە قوتابخانەو شەقام و چایخانە و ماڵ و گۆڕەپانی یاریی و..... هتد. ئەمەش ئاماژە بەوە ئەکات کە فاکتەری زۆری هەیە لەوانە کۆمەڵایەتییە یاخود دەروونییە یانیش ژینگە و دەوروبەرە و هەندێکیشی کاریگەری مامەڵەکردن و تێکەڵبوونی خەڵکە، لە هەندێ حاڵەتی هەڵچوونی کەسایەتی ئەم دژایەتییە زیاد ئەکات وەک بێزاربوون و دڵتەنگی، لێرەشدا پێویستە کە توێژەرەوانی دەروونی لەسەر هۆکارەکانی توندوتیژی لە هەموو حاڵەتەکان بوەستن، هەروەها دیاریکردنی بەرپرسیاریتی و پاڵنەرێک کە هۆکاری هەموو کارێکن.

هەرچەندە بۆ یەکەم سات کێشەکە زۆر ئاڵۆز بەدەرئەکەوێ بەڵام چارەسەرەکەی لەلای پزیشکانی دەروونی و پسپۆڕانی کۆمەڵایەتییە، لە ڕێی ڕێکخستنی جۆرێکی گونجاو بۆ چارەسەری دەروونی بە سیستەمی چەند دانیشتنێک و دابینکردنی شوێنێکی تایبەت بۆ ئەو کەسانە تا لە کاتی ئەو هەڵچوون و گرژییە دەروونییانە لێی بحەوێنەوە، هەروەها بایەخدان بە بونیادنانەوەی ئەو کەسانە لە ڕووی دەروونییەوەو تێگەیشتنی هۆکاری هەستکردنیان بە تووڕەیی کە بۆتە مایەی ئەنجامدانی ئەو هەڵسوکەوت و ڕەوشتەی بە توندوتیژی ناسراوە، هەروەها هەوڵدان بۆ یارمەتیدانیان تاکو ئەو کارە توندوتیژییە بگۆڕن بۆ چەند ڕاهێنانێکی دەروونی کە ئارامی ئەبەخشێتە مرۆڤ وەک هەناسەدانی لەسەرخۆ کە بێگومان ئەم ڕاهێنانە پێویستی بە چەند دەرمانێکە لە جۆری خاوکردنەوە.